چەمان... دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکرێت

قایمقامیەتی قەزای چەمان رایگەیاند، سبەینێ رۆژی دوو شەممە دەست بە دابەشکردنی نەوت دەکرێت بەسەر هاوڵاتیانی ناو قەزای چەمان.

ئەمە یەکشەممە ١٩ـی کانونی دووەمی ٢٠٢٥، قایمقامیەتی قەزای چەمان رایگەیاند، سبەینی دوو شەممە ٢٠ـی کانونی دووەم، دەست بە دابەشکردنی ١٠٠ لیتر نەوت دەکرێت بەسەر هاوڵاتییانی ناو سەنتەری قەزای چەمان، بە نرخی ٣٠ هەزار دینار.

سبەینێ بەفرباریەکی لەم شارانەدا دەستپێدەکات

ئاماژەی بەوەشکرد، بە وەرگرتنی بەشە نەوتەکەیان هاوڵاتییان پێویستە پسوڵەی خەرای یان کارتی نیشتیمانییان پێبێت، بەپێچەوانەوە ناتوانن بەشە نەوتەکە وەربگرن.